# سیروان‌دەخیلت بم شەفاعەتێك

پێشکەشەبەهونەرمەند{میدیاحسێن}          کورێ کانی‌عشقان_سوید
Falah_30@hotmail.com

بیرتان نەچیت ڕۆژانی ڕەشی ناوشاری سلێمانی بەرلەڕاپەڕین،جەتەکانی سابونکەران و ئەسحابەسپیتان بیرنەجێت،نەکەن ئێوەش هەمان پۆستاڵی ئەوان لەپێبکەن،نەجمەکانتان دابگرن چونکەلەوانەی ئەوان دەچیت،یاساکانتان بگۆڕن باوەکوو ئەوان نەبن،وشەی{مولازم}لابەرن،بازیاترلێتان نەترسم،کوڕانی  سلێمانیتان بیرنەچێت،کێبوون ئەوانەی بەگژ بەعسییەکان چوون،بەڕێبوارسەعیدبڵێن کێ بوو لەگەڵ تۆ فرمێسکی بۆ هەڵەبجەئەڕشت؟بچنەئەسحابەسپی لەڕیش چەرمووەکانی هەورامان بپرسن،پێیان بڵێن کێ بووئەوکەسەی خەڵکی ئەمشارەبوو ڕۆژانی کیمیاباران دەهاتە لاتان فرمێسکی بۆڕشتن؟سیروان دەخلیلە تۆپێیان بڵێولێنان بپرسە،کێبوو لەنادی مۆزەفین لەسلێمانی شەوێک لەشەوە دژوارەکانی ئەوشارە هاواری کردو وتی سیروان دەخیلە ئاگر دەبارێت؟بەجیهاد دڵپاک وعەلی کەریم وکەمال‌مووحەمەد بڵێن،گەری‌بڕواتان بەوان نەبوو؟بچنەسەر گۆڕەکەی کامەران ڕەفیقی‌جوانەمەرگ،بەرلەپرسیارکردنتان ئەو لەناوگۆڕەوە دێتە زمان‌وپێتان ئەڵێت،بەخەڵکی‌هەلەبجەکەم‌بڵێن،باش دەزانم گوێش بۆ ئەوان ناگرن،ئاخ ئەمەچ یاسایەکە لێبوردنی نیە؟شەفاعەتێک گەلی براینەشەفاعەتێک، یاسا شپرزەو گەلێ هیلاکە،یاسا ناسەکان پێتان دەڵێم چاویلکەڕەشەکانتان دابگرن،بڕۆن بۆکەناڵەکانی{کوردسات وکوردستان تێڤێ}لەماوەی ئەم ٦ مانگەدا چەند تلیاک خۆرو حەشیشەخۆرتان وەکووشاخی ئەزمەڕوقەڵاومنارەلێتان‌زل‌کردوین؟بۆئەوان ڕەوای حەقە لەبەر ئەوەی لەئەوروپاوەهاتونەتەوە،بەڵام میدیا گیان تۆ ئەوحەقەت نییە تۆ برات شەهیدە،تۆزیندانی سیاسی بویت،تۆخەمخۆری شەهیدەکانی هەلەبجەبویت،تۆئاخت‌بۆقەڵادزێ‌کەرکووکت‌هەڵدەڕشت،تۆبێ‌پاوئەوان پادارن،ئەی‌نەتزانی تۆوەکووئەوان‌ترسنۆک‌نەبویت ڕاتنەکرد بۆخاریج؟تۆمایتەوە دەنابەتۆشیان‌دەوت  هونەرمەنی گەورەی کورد،سەرۆکەکان پێشوازییان‌لێدەکردیت‌وبەڵێنی دروسکردنی ستۆدیۆوئاپرتمانی‌درۆزنی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.softwarelabs.com

**بەسەرۆکەکان دەدا، تۆئەوەنەبویت، بۆیەڕاپێچی زیندان کرایت، دەکخۆزگە ئەوەت نەکردایە، بۆتۆڕەوای حەقنیە، تۆلای‌خەڵکی‌هەڵەبجەهونەرمەندی گەورەیت، سیروان دەخیلە وەفریادی‌کەون‌داوای‌بەخشینی بکەن، بائەم‌جارە دواجاربێت، دەسەڵات داران نەکەن بەدەردەکەی کاروان عوسمانی بەرن، بادڵتان فراوان‌تربێت، هۆهۆهۆ خزمەکانم؟ هوهاوڕێکانم؟ ئەی ئەوانەی کەسووکارنمان لەهەڵەبجە شەهیدبوون؟شەفاعەتێک بکەن‌دوای‌بەخشینی**

**کاکەمیدیابکەن، بەڵێن‌بدەین**

**ئەمەدواجارەودوبارەی‌ناکاتەوە، سیروان‌تۆش‌دەخیلت بم شەفاعەتێک بکە.**

تێبینی/هەرگیزلەگەڵ بازرگانی کردنی تلیاک‌نیم، یاساخۆی سەرپشکبێت.بەڵام بێجیاوازیکردن.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.softwarelabs.com